پارێزگاری هەولێر: بە کەمکردنەوەی نرخی نان و سەموون بڕیارماندا بە داشکاندن بە ڕێژەی ٥٠٪ بە هەر لیترێک غاز

پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، لەپێناو ئاوەی ١٠ نان و سەموون بە هەزار دینار بە هاووڵاتیان بفرۆشرێت، بڕیاریانداوە بە داشکاندن بە ڕێژەی ٥٠٪ بە هەر لیترێک غاز بە نانەواخانە و سەمونخانەکان لەگەڵ دابینکردنی هەر فەردێک ئارد بڕیان بە نرخی ٣٠ هەزار دینار.

ئەمێ دووشەممە، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، لە دوای ناڕەزایی خاوەنی نانەواخانە و سەمونخانەکان سەبارەت بەو بڕیارەی کە پێویستە ١٠ نان و سەموون بکرێت بە هەزار دینار، چەند بڕیارێکیان لە بەرژەوەندی خاوەنی نانەواخانە و سەمونخانەکان داوە.

ئاماژەی بەوەش کرد، بڕیاریان داوە لەمەودوا نرخی لیترێک غاز بە ڕێژەی ٥٠٪ داشکاندنی بە بکرێت بە سەرجەم نانەواخانە و سەمونخانەکان.

ئەوەشی خستە ڕوو، هەر فەردێک ئارد بە نانەواخانە و سەمونخانەکان بە نرخی ٣٠ هەزار دینار دابین دەکرێت و لەکاتی کڕینی یەک تەن ئارد فەردێک ئاردیان بە خۆایی پێ دەدرێت.

باسی لێوەش کرد، لە ئێستادا لە سەرجەم نانەواخانە و سەموونخانەکانی شاری هەولێر نرخی ١٠ نان و سەمون بە هەزار دینارە و ئێگەر پابەندی ئەو بڕیارە نەبن رووبەووی کاری یاسایی دەبنەوە